# ڕۆڵی ڕووناکبیران لە بزواندنی هەستی نەتەوەیی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان ١٩٢٥-١٩٣٨


م. ی عەبدولخالد سابیر کەریم

زانکۆی سلێمانی

سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان

مێژوو


**پێشەکی :**

کوردستان بە درێژایی پتر لە چوار سەدە ، لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی صەفەوی و دواتریش دەوڵەتی قاجاری ، ڕووبەرووی ستەم و نەخوێندەواری و هەژاری ببووەوە ، بەشی زۆری سامانی کوردستان لە لایەن ئەو داگیرکارانەوە دەبردرا ، هەرچەندە لە نێوان ئەو سەردەمانەدا ، لەهەندێك شوێنی کوردستان، جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی سەریان هەڵدەدا ، بەڵام بەهۆی نایەکڕیزی و نەبوونی پلانێکی دروست ، ئەو جوڵانەوانە سەرکەوتنیان بە دەست نەدەهێنا ، بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی ساڵانی سەدەی بیستەم ، کۆمەڵێك روناکبیری کورد ، توانیان چەندین کۆمەڵەی سیاسی و رۆشنبیری دابمەزرێنن کە ڕۆڵی بەرچاویان لە بزواندنی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد گێڕا، تەنانەت لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ، سەرەڕای دۆخی سیاسی و ئابوری دژوار کە باڵی کێشابوو بەسەر کوردستاندا ، ڕووناکبیرانی کورد بەردەوام بوون بۆ بە دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان، ئەویش خۆی لە بزواندنی هەستی نەتەوەیی لای زۆرینەی تاکی کورد دەبینیەوە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیشەوە، هەر چەندە دەوڵەتی عوسمانی لەو جەنگەدا شکستی هێنابوو ، بەڵام لە زەبروزەنگ لە دژی کوردەکاندا درێخی نەدەکرد ئەمە لە لایەك و لە لایەکی ترەوە. وێرای ئەوەی دەوڵەتی قاجاری بە هەمان شێوە ستەمی دەکرد لە کوردەکان، کوردستان ڕووبەڕووی دوو زلهێزی براوەی ئەو جەنگە بووەوە، ئەوانیش بەریتانیاو فەرەنسا بوون، کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ دەبوو چاویان بڕیبووە کوردستان، لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخانەدا ، ڕووناکبیرانی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا سارد نەبوونەوە لە بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیان .

لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوەیی بە شێوەیەکی گشتی بابەتێکە بووەتە جێی بایەخ پێدان کە بۆ زیاد لە دوو سەدە لەمەوبەر لای گشت نەتەوە جیاجیاکان گەلاڵە بووە، کە بە هۆیەوە بە دەیان نەتەوە بەپێی سەدەکان خۆیان لە دەست ستەمی داگیرکاران ڕزگارکردووە، کە ئەوەش بۆ ڕۆڵی روناکبیران دەگەڕێتەوە. سەبارەت بە نەتەوەی کورد بەشێوەیەکی گشتی کە چەندین سەدەیە لەژێر دەستی داگیرکارانداية ، ڕووناکبیران بەردەوام هەڵوێستیان وەرگرتووە ئەویش بە دامەزراندنی چەندین کۆمەڵەی سیاسی بە مەبەستی بزواندنی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد کە لە ڕێی ئەوەوە خەباتیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەکەیان، ئەم دیاردەیەش لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕەنگی داوەتەوە، لەبەر ئەوەی کەمتر لەسەر ئەم بوارە لەو بەشەی کوردستاندا باسی لێوەکراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بەم لایەنە لە ڕۆژئاوای کوردستاندا دەدرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە :** ئامانج لەم توێژینەوەیە بۆ ئاماژەدان و تێگەیشتنە لە بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان کە بە دۆخێکی دژواردا تێپەڕیوە ، کە لەو سەروبەندانەدا ڕووناکبیرانی کورد بە هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر ویستوویانە لاوانی نەتەوەی کورد بە ئاگابهێننەوە لە مەبەستی داگیرکارانی کورد و هاوکات دەبێت هەستی نەتەوەیشیان ببزوێندرێت تاکو لێوەی بتوانن بەرامبەر بە پیلان و ئارەزووەکانی دوژمنانی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بووەستنەوە ، ئەویش بە دامەزراندنی چەندین کۆمەڵەی سیاسی و ڕۆشنبیری لە ناوچە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتەو دەرەوەی ناوچەکەشیان .

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی ڕەچاوکراوە. لەم توێژینەوەیەدا ئاستەنگێکی وەها بەرەو ڕووم نەبۆوە کە کاربکاتەسەر توێژینەوەکە، چونکە بە هەوڵوماندوبونێکی زۆر بەڵگە نامەو کتێبی پێویستم لەو بارەیەوە دەستکەوت .

لەم توێژینەوەیەدا چەندین سەرچاوەی متمانەپێکراو بەکار هاتوون لەوانە : ١- هێریەت مۆنتگۆمری : کوردی سوریا بوونێکی نکۆڵی لێکراو. ٢- ولید حمدی: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا. ٣- ذوقان قرقوط: تطور الحركة الوطنية في سوريا ١٩٢٠-١٩٢٩. ٤- سعد ناجی جواد: الأقلية الكردية في سوريا. ٥- علي صالح حمدان: الحياة الحزبيه فی کردستان سوريا ١٨٩٨-٢٠٠٨.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :**

توێژینەوەکە بێجگە لە پێشەکی لە دوو بەش پێکهاتووە :

بەشی یەکەم : دروستبوونی ڕۆژئاوای کوردستان و هەڵوێستی ڕووناکبیران بەرامبەر داگیرکاری ١٩٢٥-١٩٢٩. ئەم بەشە لە دووباس پێکهاتووە :

باسی یەکەم : مێژووی دروستبوونی ڕۆژئاوای کوردستان .

باسی دووەم : هەڵوێستی ڕووناکبیران لە بەرامبەر داگیرکاری فەرەنسی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٩.

بەشی دووەم : ڕۆڵی ڕووناکبیران لە بزواندنی هەستی نەتەوەیی و دامەزراندنی کۆمەڵەی سیاسی و ڕۆشنبیری و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی چەکداری لە ڕۆژئاوای کوردستان ١٩٣٠-١٩٣٨. ئەم بەشە لە دوو باس پێکدێت .

باسی یەکەم : هەوڵ و تەقەلای ڕووناکبیران لە بزواندنی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد بە دامەزراندنی چەند کۆمەڵەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری ١٩٣٠-١٩٣٨، کە بریتیە لەم کۆمەڵانە :

١- تجمع مثقفي مجلتی هاوار و روناهی، سالا ١٩٣٠ .
٢- جڤاتا ئاریکاریێ ژبونا کوردێن بلنگاز ، سالا ١٩٣٢ .
٣- کۆمەلا هێڤی ، سالا ١٩٣٧ .
٤- نادیا جوانێن کورد ل عامودا ، سالا ١٩٣٨ .
٥- نادیا کوردستان ، سالا ١٩٣٨ .

**باسی دووەم : ڕۆڵ و کاریگەری ڕوناکبیران لە بەرپاکردنی ڕاپەڕینی چەکداری لە ڕۆژئاوای کوردستان :**

١- ڕاپەڕینی جەزیرە ، سالا ١٩٣٧ .
٢- ڕاپەڕینی عامودا ، سالا ١٩٣٧ .

**بەشی یەکەم :**

**دروستبوونی رۆژئاوای کوردستان و هەڵوێستی رووناکبیران بەرامبەر داگیرکاری ١٩٢٥-١٩٢٩**

**باسی یەکەم : مێژووی دروستبوونی رۆژئاوای کوردستان :**

**رێککەوتننامەی سایکس – پیکۆی ساڵی ١٩١٦ی نێوان سێ زلهێزی بەریتانیا ، فەرەنسا ، روسیای تزاری (قەیسەری)، قۆناغێکی نوێی لە مێژووی کورددا هێنایە کایەوە . بە پێی بەندەکانی ئەو رێککەوتننامەیە ، کوردستان لە نێوان بەریتانیاو فەرەنساو روسیا دابەش دەکرێت، پاشان کوردستان لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا دابەشکرا ، باشوری کوردستان پشکی هەریەك لەو دوو وڵاتەی تیادا بوو ، بەڵام رۆژئاوای کوردستان بە تەنها بەر فەرەنسا کەوت [١]. بەڵام بە هۆی هەڵایسانی شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە روسیا لە لایەن بەلشەفیکەکانەوەو روخانی دەسەڵاتی تزاری لەو وڵاتەدا ، فەرمانڕەوایی نوێ بە رابەری (لینین) ، لەو ساڵەدا لەو جەنگە کشایەوەو هاوکات دانی بە رێککەوتنامەی ناوبراویشدا نەنا [٢]. وێرای رێککەوتنامەی ئاماژە پێدراو ، لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ، وڵاتانی هاوپەیمان لە کۆنگرەی (سان ریمۆ)ی ١٩١٨دا ، بۆچوونێکی نوێیان دەربڕی ئەویش پێدانی خۆبەڕێوەبردن (ئۆتۆنۆمی) بوو بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی روباری فورات [٣]، بەڵام ئەوە هەر قسە بوو ، ئەو ناوچە خۆبەرێوەبردنەیان دانەمزراند و هێزی سەربازی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیادا مایەوە ، تاکو لە ساڵی ١٩٢٠دا سیستمی ماندات (إنتداب)ی بەسەر ئەو وڵاتەدا دانا ، کە باشوری کوردستانیشی گرتەوە . [٤] فەرەنساش کە سوریا و لوبنان و بەشێکی باکوری کوردستانیشی لە ژێر دەستدا بوو ، هەر لە ساڵی ١٩٢٠دا ، ئەمیش وەك بەریتانیا، سیستمی مانداتی بەسەر ناوچەکانی ژێر دەستیدا سەپاند بەو بەشەی باکوری کوردستانیش کە لە ژێر دەستیدا بوو.[٥]**

**بە دوای ئەوەدا ، فەرەنسا دەیویست ، ناوچە کوردییەکانی باشوری رۆژئاوای باکوری کوردستان کە لە ژێر دەستیدا بوو بخاتە سەر سوریا ، بەڵام مستەفا کمال کە سەرکردەیەکی باڵای سوپای دەوڵەتی عوسمانی ئەو پرۆژەیەی فەرەنسای پێباش نەبوو ، ئەوە بوو دواتر و بە پێی رێککەوتنامەی ئەنکەرەی ٢٠ تشرینی یەکەمی ١٩٢١ ، فەرەنسا ئەو ناوچە کورد نشینانەی ژێر دەستیی ، خستە سەر سوریا . [٦] دوای ئەوەی ، سوریا چووە ژێر رکێفی فەرەنسا ، سەرکردەی سەربازی جەنەراڵ (گۆرۆ)، بیری لەوە کردەوە کە چەند دەوڵەتێکی بچوك لە سەر**

---

١ - ئازاد نەقشبەندی : رێککەوتنامەی سایکس – پیکۆ و کوردستان ، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی) ، ژمارە (٧) ، ساڵ ٢ ، هەولێر ، ئاب ١٩٩٨، ل ٦ .

٢ – فاضل رسول: کردستان و السياسة السوفيتية في الشرق الأوسط ، ترجمة عن الالمانية : غسان نعسان، مراجعة: مامۆستا جعفر ، مكتب الفكر و الوعي في الاتحاد الوطني الكردستاني، السليمانية ، ٢٠٠٨، ص ١٥٢ .

٣ – صلاح بدرالدين : غرب كردستان ، دراسة تأريخية – سياسية – وثائقية – موجزة ، رابطة كاوا للثقافة الكردية ، برلين- ألمانيا، ١٩٩٨، ص ١٧ .

٤ – عبدالرحمن ادريس صالح البياتي : سياسة بريطانيا تجاه كرد العراق ١٩١٤ – ١٩٣٢، **بنكەی ژین**، السليمانية ، ٢٠٠٩، ص ٢٠٧-٢٠٨.

٥ - صلاح بدرالدين ، م.س، ص ١٧ .

٦ – لەو رێککەتنامەیەدا ، نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی (یوسف کەمال) و نوێنەری فەرەنسا (هنری فرانکلان) بوو، بۆ زیاتر بڕوانرێتە : ذوقان قرقوط ، تطور الحركة الوطنية في سوريا ١٩٢٠-١٩٣٩، بيروت ، ١٩٧٥، ص ٢٩٨-٢٩٩ .

خاکی سوریا دابمەزرێنێت ، [٧] هەر لەمبارەیەوە مێژوونووس (جواد ملا) دەڵێت : " دەسەلاَتدارانی فەرەنسی لە سوریا، داوایان لە میر جەلادەت بەدرخان کرد ، کە پرۆژەی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچە کوردییەکانی جەزیرە و کۆبانی و عفرین (کورد داخ . توێژەر) جێبەجێ بکات ".[٨] میر جەلادەت بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە بە زوویی جێبەجێ بکرێت ، پەیوەندی کرد بە روناکبیرانی کورد لەو ولاَتەدا کە زۆربەیان لە شاری دیمشق بوون ، هەروەها ناوبراو پەیوەندی بە مامۆستا کوردەکانەوە کرد کە وەزیفەکەیان بۆ ناوچە کوردییەکان بگوێزنەوە، لە پێناو هۆشیارکردنەوەو خۆ ئامادەکردن بۆ بنیاتنانی دەوڵەتەکە ،[٩] بەلاَم هەندەی نەبرد دەسەلاَتدارانی فەرەنسی لە سوریا ، لەو پرۆژەیەیان پەشیمان بوونەوە، دواترو لە ساڵی ١٩٢٠دا بڕیاری چەند دەوڵەتێکی بچوکیدا وەك دەوڵەتی حەلەب و دەوڵەتی عەلەوییەکان و دەوڵەتی دیمشق و دەوڵەتی جبل الدروز .[١٠] کوردەکانی سوریا بەوەیانزانی کە پشتگوێ خراون لە لایەن دەسەلاَتدارانی فەرەنسی ، بە سەرکردایەتی (ئیبراهیم هەنانۆ) ، ڕاپەرینێکیان لە ناوچەی (جبل الأكراد ) و (جبل الزاوية) لە دژی سوپای فەرەنسی ئەنجامداو لە ماوەیەکی کەمدا چەند ناوچەیەکیان ئازاد کرد .[١١]

ئەو ڕاپەرینە تاکو مانگی تەموزی ١٩٢١ بەردەوام بوو ، بەلاَم بەهۆی زۆری ژمارەی سەربازی فەرەنسی و چەکی پێشکەوتوویان ، توانیان ئەو ڕاپەرینە سەرکوتبکەن ، ئیبراهیم هەنانو بەرەو ئەردەن هەلاَت و لەوێ لە لایەن کاربەدەستانی بەریتانی دەستگیر کراو پاشان رادەستی سوپای فەرەنسی کرایەوە .[١٢] هەر لەو ساڵەدا، دەوڵەتی عوسمانی و دەسەلاَتدارانی فەرەنسی لە سوریا ، نزیکبوونەوەیەك لە نێوانیاندا هاتە ئاراوە ، دواتر لە ئەنقەرە کۆبوونەوەو لەسەر ئەوە پێکهاتن کە سنوری نێوانیان دیاری بکرێت ، بۆ ئەوە هێڵی شەمەندەفەری ئەڵمانی بە خاڵی جیاکردنەوەی نێوانیان دانرا و بەشێك لە ناوچە کوردییەکانی باکوری کوردستان خرایە سەر سوریا بە مەرجێك ئازادی رۆشنبیری و بلاَوکردنەوەو داب و نەریتی کۆمەلاَیەتی و دەربڕینیان پێ بدرێت .[١٣] لە بارەی ئەم دیاریکردنەی سنوری نێوان دوو ولاَتی ناوبراو ، بەڵگەنامەیەکی بەریتانی ئاماژە بەوە دەدات ، لە دوای ئەوەی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٢١ دا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ڕێککەوتنێکی سنوری ئەنجامدا ، فەرەنسا وازی لە دوو ناوچەی (جەزیرەی ئیبن عومەر و نەسیبین) هێنا بۆ ئەو دەوڵەتە .[١٤] ئەم ڕێککەوتنە ئەنجامدرا بەبێ گوێدانە

---

[٧] - عوسمان عەبدولرەحمان سمایل: کورد لە سوریا١٩٢٠-١٩٤٦، دەزگای توێژینەوەو بلاَوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ، ٢٠٠٩ ، ل ٢٤ .

[8] – جواد ملا: كردستان و الكرد وطن مقسم و أمة بلا دولة ، من منشورات المؤتمر الوطني الكردستاني ،الطبعة الثانية ، لندن ، ٢٠٠٠، ص٧٧ .

[٩] - لەو مامۆستایانەی کە وەزیفەکەیان گواستەوە بۆ ناوچە کوردییەکان ، (عزەت فلو، راشد جلعو ، ابراهیم مەلا) بوون، بۆ زیاتر بروانرێتە : م.ن ، ص ٧٧ .

[١٠] - محى الدين السفرجلانى : تأريخ الثورة السورية ، دمشق ١٩٦١، ص٥٣ – ٥٤ .

[١١] - فلاديمير لوتسكى : الحرب الوطنية التحررية السورية ١٩٢٥-١٩٢٧، ترجمة: محمد دياب، راجعه و قدم له : مسعود ظاهر ، بيروت ، ١٩٨٧ ، ص ١٤١،١٤٠ .

[١٢] - م. ن ، ص ١٤١ ، ١٤٤ .

[١٣] – ع، الملا : غرب كردستان، جريدة (ميديا) ، العدد (٧٧) ، أربيل، الأثنين ٢٣-١٠-٢٠٠٠ ، ص٣ .

[١٤] - وليد حمدى : کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا ، وەرگێڕانی: موحەمەد نوری توفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٢٤٢ .

ماڤی ئەو کوردانەی خرانە سەر سوریا ، کە بە دواییدا رووبەرووی گرفت بوونەوە بەوەی هەرێمێکی کوردی کە خاوەن سنورێکی جوگرافی روون بێت بوونی نەبوو کە لەو ولآتەدا، سێ ناوچەی ئاشکرا زۆرینەی لە کورد پێکهاتبوو هەبوو ئەوانەیش ( جەزیرە ، کۆبانی ، عفرین ) .[15] لە ئەنجامی ئەو پشتگوێ خستنەو ئەو رەفتارە ستەمکارانەی جەنەراڵی فەرەنسی (رۆگان) ، لە بەرامبەردا کەسایەتیە ناسراو و دیارەکانی کوردەکانی ئەو گوندەو دەوروبەری لەوانە (یوسف حەسۆ ، حەسەن مادۆم و چەند کەسێکی تر ، هەندێك لە هۆزە کوردەکانی ناوچەی جەزیرە لە حوزەیرانی ١٩٢٣دا ، راپەرینێکیان لە دژی سوپای فەرەنسی لە گوندی (بیاندۆر)ی نزیك قامیشلۆ ئەنجامدا، بە هێرشکردنە سەر مەخفەری گوندەکە ، جەنەراڵی ناوبراو بە دەستی (عەباس عەمۆکە) کوژران .[16] لە هەمان کاتدا ، لە گوندی (حەلوە) ی هەمان ناوچە ، راپەرین لە دژی فەرەنسیەکان هەڵایساو لە ئەنجامدا ژمارەیەك سەربازی فەرەنسی کوژرا.[17] وێڕای ئەو راپەرینانە ، بە هۆی نا یەکریزی و نەبوونی پشتگیریەکی نێودەوڵەتی، کوردەکان نەیانتوانی سوپای فەرەنسی لە ناوچەکەیان دەربکەن ، تاکو بەستنی پەیمانی(لۆزان)ی بە دواداهات ، کە تیایدا مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کوردی تیادا پشتگوێ خرا .[18]

**باسی دووەم :**

**هەڵوێستی روناکبیرانی کورد لە بەرامبەر داگیرکاری فەرەنسی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥ – ١٩٢٩ :**

هەرچەندە دەسەڵاتدارانی فەرەنسی لە سوریا چەند راپەرینێکی کوردەکانیان سەرکوتکرد (وەك لە باسی یەکەمدا ئاماژەی پێدرا)، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ـەوە، بەهۆی جوڵانەوەی عەرەبەکان لە هەندێك ناوچەدا ، کاربەدەستانی فەرەنسی خۆیان لە کوردەکان نزیك خستەوە، بە مەبەستی زەوتکردنی ئەو چالاکییانە، بەو هۆیەوە پێگەی کوردەکانی بەهێز کردو چەکدارە کوردەکانی بەکارهێنا لە دژی راپەرینی عەرەبەکانی ئەو ولآتە، لە بەرامبەردا کاربەدەستانی فەرەنسی دەستیانکرد بە یارمەتیدانی کوردەکان و کاریان لەسەر پتەوکردنی پێگەی کەمینە کوردەکان دەکرد .[19] بۆ دەربرینی نیازپاکی فەرەنسییەکان بەرامبەر بە کوردەکان لە سوریادا ، لەسەر داوای کۆمەڵێك روناکبیری کورد کە پێشتر لە باکوری کوردستان لە دەست دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورکیای کەمالی هەڵاتبوون و روبانکردبووە سوریا، بە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی بە ناوی (کردستان جمعیتی) لە ساڵی ١٩٢٥دا ، دەسەڵاتدارانی فەرەنسی مۆڵەتیاندایە ئەو جەمعیەتەو تەنانەت خانویەکیشیان پێدان لە گەرەکی (باب الفرج) لە شاری حەلەب .[20]

---

[15]– صلاح بدر الدين : م. س ، ص ٤٢،٤٣ .

[16]– هەروەها چەند کەسێکی دیکەی نیشتمان پەروەری کورد ، کەوتنە بەر شاڵاوی ئەشکەنجەی جەنەراڵ رۆگان، لەوانە (خەڵەف بادی و سلێمان عەباس موختاری گوندی دکری) ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : معركة بياندور، صفحة مشرقة لشعبنا ، (دون اسم المؤلف)،جريدة (طريق الشعب)، الجريدة المركزية للحزب اليساري الكردي في سوريا، العدد (٢٧٨)، حزيران ١٩٩٨، ص٥ .

[17]– م. ن ، ص٥ .

[18]– بلە چ شێرکو ، کێشەی کورد مێژینەو ئێستا، وەرگێر لە عەرەبیەوە، محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، هەولێر ، ١٩٩١، ل ٧٦ – ٧٧ .

[19]- م. شترۆ همایەر ول ، یاڵچین هێکمان : کورد لە سوریاو ئازەربایجان و ئەرمەنستان، وەرگێرانی لە ئەڵمانیەوە : رێبوار تۆفیق بەنگینە، ئەکادیمیای هۆشیاری پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ، ٢٠١١، ل ١٢ .

[20]- (د.ك.و) ، مقتبس من تقرير الأسبوعي الوارد عن ضابط الخدمات الخاصة في الرمادي، الرقم آية الـ ١٠/ ٣١ في ٢٦-٣-١٩٢٥ .

ئەگەرچی زۆرینەی ئەندامەکانی ئەو جەمعیەتە لە کوردەکانی باکوری کوردستانن ، بەلاّم ژمارەیەك لە کوردەکانی شارەکانی قامیشلۆ و حەسەکەو عامودا بوونە ئەندام تیایدا.[٢١] بێگومان ئەم جەمعیەتە لە کاتێکی زۆر هەستیاردا دامەزرا ،بەوەی لە لایەك فەرەنسییەکان لەو ناوچە کوردییانەی کە لە ژێر ڕکێفیاندا بوو ، لە هەوڵی بەردەوامدا بوون بە مەبەستی ڕاکێشانی کوردەکان بۆ لای خۆیانا هەروەك چۆن دەسەلاّتدارانی بەریتانیا لە ویلایەتی موسڵ ئەوەیان ئەنجام دەدا ، لە لایەکی تریشەوە دەوڵەتی تورکیا پڕوپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە کورد و تورك دوو نەتەوەی لەیەك نەژادو موسڵمانیشن کە ئەمانیش بۆ هەمان مەبەست ئەو بانگەشانەیان دەکرد ، زیاتر لەوانەش لایەنگرانی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوخۆو دەرەوەی تورکیادا کە لە دەست کەمالییەکان هەلاّتبوون بە تایبەتی (محەمەد سەلیم ) کوڕی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ، ئەو دۆخەیان بە هەلزانی و دەهۆڵی موسڵمانێتیان دەکوتی بە مەبەستی ڕاکێشانی کورد بە لای خۆیاندا .[٢٢] هەموو ئەو لایەنانە بۆ بەرژەوەندی تایبەتیان ، خۆیان لە کوردەکان نزیك دەکردەوە، بەلاّم لە ڕاستیدا گوێیان لە داواکانی کورد نەدەگرت ، نمونە بۆ ئەوە: لە کاتی هەلاّیسانی ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ لە ناوچەی دیاربەکر لە دژی دەسەلاّتدارانی دەوڵەتی تورکیای کەمالی ، کاربەدەستانی فەرەنسی لە سوریا ، هاوکاری سوپای تورکیایان کرد بە گواستنەوەی سەربازو تەقەمەنی لە ڕێی هێڵی شەمەندەفەرەوە بۆ بەرەکانی شەڕ لە دژی ڕاپەریوە کوردەکان .[٢٣] سەرەڕای ئەو بارودۆخە دژوارە ، ڕوناکبیرانی کوردانی سوریا بەردەوام پەیوەندیان لەگەڵ ڕوناکبیرانی کوردستان بە گشتی و باکوری کوردستان بە تایبەتی دەکرد، بە واتایەکی دیکە ، هەر چەندە سنورەکان بوونەتە دابەشکردنی کوردستان، بەلاّم ئەوە نەبووەتە هۆی ئەوەی کە کوردەکان لە یەکتری دابڕێن ، هەروەك ئەوەی جەمعیەتی خۆیبون لە ساڵی ١٩٢٧دا لە شارۆچکەی (بحمدون) لە لوبنان لە لایەن چەند ڕوناکبیرێکی باکوری کوردستان دامەزرا[٢٤]، هاوکات ژمارەیەکی ڕوناکبیری کوردی سوریا لە کاتی دامەزراندنیەوە تاکو کۆتایی هاتنی ئەو جەمعیەتە ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە ، بەتایبەتی دوای ئەوەی بارەگاکەی دەگوێزرێتەوە بۆ

[٢١]- لە ئەندامە دیارەکانی ئەم جەمعیەتە ، کورد مستەفا (سەرۆکی کۆمەڵە – لە تەرابزون)، ڕەفیق خالد (ئەندامی پێشووی پەرلەمان لە دێرسیم ، لالال قادر لە مالاتیا، حەسەن صادق لە دیار بەکر ، کانیزادە عەلی ئویلی لە بتلیس). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : م.ن .

[٢٢]- عبدالفتاح علي يحيى البوتاني : وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية ، مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر، أربيل ، ٢٠٠١، ص٤٧٨.

[٢٣]- أبو شوقي : لمحات من تأريخ الانتفاضات و الثورات الكردية ، رابطة كاوا ، بيروت، ١٩٧٨، ص ٨٤ .

[٢٤]– جەمعیەتی خۆیبوون لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ بە سەرکردایەتی دکتۆر (شوکری محەمەد سەگفان ) لە خانوی کەسایەتییەکی ئەرمەنی نەژاد بە ناوی (ڤاهان پاپازیان) لە بحمدون لە لوبنان دامەزرا ، لە ئەندامە دیارەکانی ئەو جەمعیەتە : جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان ، حاجو ئاغای سەرۆك هۆزی هەڤێرکان ، مەمودح سەلیم ، کەریم ئەفسەرێکی کوردی عێراق ...هتد ،هەروەها هەندێك کەسایەتی کوردی دیکەی ناوچە کوردییەکان و شاری حەلەب بوون بە ئەندام لەو جەمعیەتە، لە نمونەی ئەوانە (دەروێش بەگ – سەرۆکی ئێزیدییەکانی عەفرین ، شێخۆ ئیسماعیل زادە لە کورداخ) . بۆ زیاتر بڕوانرێتە : محمد ملا أحمد: جمعيه خويبون و العلاقات الكردية – الأرمنية ، رابطة كاوا للثقافة الكردية ، الطبعة الثانية ، أربيل، ٢٠٠٠، ص ٤٣-٤٤ ، کونی ڕەش، م. ن ، ص ٤٤-٤٥ .

شاری حەلەب .[25] لەو جەمعیەتەدا چەند سەرۆك هۆزێكی ناوداری كوردی سوریا كە ئەندامانی دامەزرێنەر بوون ، لە كۆبوونەوەی یەكەمدا لە شارۆچكەی بحمدون ئامادەبوون، لەوانە: مستەفا شاهین بەگ سەرۆك هۆزی بەرازان و (بورهان)ی كوری و ئەمین ئەحمەد سەرۆك هۆزی رامان .[26] جگە لەو ئەندام بوونە و بلاّوكردنەوەی پەیامەكانی جەمعیەتی خۆیبون لە لایەن ئەو روناكبیرو سەرۆك هۆزانەوە لە رۆژئاوای كوردستان ، لە كاتی هەڵایسانی راپەرینی ئارارات كە بزوێنەرەكەی جەمعیەتی خۆیبون بوو ، كوردانی سوریاش بەشدارییەكی لەبەر چاویان گێرا، وەكو حاجۆ ئاغای هەفێركی و حەسەنی كوڕە گەورەی و میرانی هۆزی بەرازان و هەندێكی دیكە كە بۆ یارمەتیدانی راپەریوان، ویستیان لەسەر سنور هێرش بكەنە سەر هێزەكانی توركیا و دەست بەسەر شارەكانی(ماردین ، ئورفە ، مدیات)دا بگرن.[27] هەروەها لە هەمبەر بەشداریكردن و هاوكاریكردنی راپەریوانی ئارارات، لە لایەن كوردانی سوریاوە، بە پێی بەڵگەنامەیەكی بەریتانی كە لە ٩ی ئەیلولی ١٩٣٠دا دەرچووە ، هەندێك سەرۆك هۆزی كورد لە سنوری سوریا- توركیا پەریونەتەوە بۆ هێرشكردنە سەر سوپاو مەخفەرەكانی دەوڵەتی توركیا لە ئزیز و مدیات لەوانە ، رەسول ئاغای سەرۆك هۆزی گەیلان و حاجو ئاغای هەڤێركی و سێ لە كوڕەكانی بە ناوەكانی (حەسەن ، حجان ، جەمیل) .[28] كوردەكان خوازیار بوون لەو ماوە هەستیارەی بیستەكانی سەدەی بیستەمدا كە سوریا بە دۆخێكی ئاڵۆزدا تێدەپەڕی، كەڵك وەربگرن و كاریگەری گەورەیان هەبێت لەسەر ئەو روداوانەی كە رویان دەدا ، بەلاّم بە پێچەوانەی ئەوەوە رویداو ناوچە كوردییەكان بوونە شوێنی پشێوی و كەوتنە ژێر ركێفی هەوالگری فەرەنسی و كۆمەڵێك لە راوێژكاری هاوكاریان هەر وەك ئەوەی لە ناوچەی جەزیرەدا هاتە ئاراوە .[29]

سەرەڕای لاوازی جولاّنەوەی نەتەوەیی كوردی لە سوریا لە خستنەڕووی داواكانی بە زەبری هێز ، بەلاّم لە بەڵگەنامەیەكی بەریتانیدا ئاماژە بەوە دراوە ، كە دەسەلاّتدارانی مانداتی فەرەنسی زانیاریان لەسەر دەركەوتنی نەتەوەخوازی كوردی لە سوریادا هەبووە ، هەر وەك ئەوەی ئەفسەرێكی فەرەنسی لە بەیروت جەختی لەسەر ئەوە كردۆتەوە ، كە كوردە زرنگەكانی سوریا خاوەن هێزێكی سیاسی پێگەیون و بیركردنەوەی كوردەكانی سوریا لە بارەی كوردستانەوە ،دروستبوونی دەوڵەتێكی كوردییە .[30] هەروەها لە لایەكی دیكەوە، هەندێك لە روناكبیران و سەرۆك هۆزە كوردییەكان ، یاداشتێكیان بە بۆنەی بەستنی كۆمەڵەی دامەزراندنی سوری لە ٢٢ی

---

[25]- كونی رەش : جمعية خويبون ١٩٢٧ و وقائع ثورة آرارات ١٩٣٠ ، تقديم و مراجعة : عبدالفتاح البوتاني ، مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر، أربيل، ٢٠٠٠، ص ٤٣ .

[26]- هەروەها سەرۆكی هۆزی ملان ( مەحمود بەگ ئیبراهیم) لە ( سەرێ كانی )، پاش ئەوەی گوازراوەتەوە بۆ شاری حەلەب، بووەتە ئەندام لەو جەمعیەتەدا ،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : محمد ملا أحمد ، م. ن .

[27]– سلمان عثمان (كونی رەش) : الأمير جلادت بدرخان حياته و فكره ، تقديم :الأميرة روشن بدرخان، دمشق، ١٩٩٢، ص ٥١.

[28]– دائرة السجلات العامة ، اكس ، أم ٤٥٨٢، القسم ٤ جو ٢٣ / ١٤٣، المرفق ٢٨- أ ، ضابط الخدمة الخاصة في الموصل ، ٩ أيلول ، ١٩٣٠ .

[29]- حنا توفيق بشور : من ذاكرة العقيد توفيق بشور ، دمشق ، ١٩٩٨، ص ٥٣ .

[30]– ئەو ئەفسەرە دەڵێت " ئەو زەوییەی لە كەنداوی ئەسكەندەرونەوە بۆ كوردستانی ئێران درێژ دەبێتەوە ، كوردستانە كە پایتەختەكەی (دیار بەكر)ە و لەوانەیە دەسەلاّتدارانی فەرەنسی جۆرێك لە خۆبەرێوەبردن بدەنە كوردەكان كە باكورو باكوری خۆرهەلاّتی سوریا دەگرێتەوە"، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : د.ك.و ، تقرير ضابط البريطاني لمقر الجيش الفرنسي في الشرق ،بيروت في ١٦ مايس ١٩٢٧ .

حوزەیرانی ١٩٢٨دا ، خستە بەردەم دەسەڵاتدارانی مانداتی فەرەنسی، ئەوانەی واژۆیان لەسەر کردبوو داوای پاراستنی کلتوری نەتەوەییان کرد بوو .[٣١] لە دوای ئەو یاداشتەوە کە بە کۆنترین بەڵگەی نەتەوەیی کوردی لە رۆژئاوای کوردستان دادەنرێت بۆ داخوازییەکانی کورد ، دەسەڵاتدارانی فەرەنسی بایەخیاندا بەو یاداشتەو هەندێك لە داواکارییەکانیی جێبەجێکردو هەروەها مفەوەزی سامی فەرەنسی لە ساڵی ١٩٢٩دا ناچار بوو بە بیری حکومەتی سوری بهێنێتەوە کە پابەند بێت بە دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لە ناوچە کوردییەکاندا .[٣٢] ئەو کارەی دەسەڵاتدارانی فەرەنسی واتای ئەوە ناگەیەنێت کە هەڵوێست و مامەڵەی لەگەڵ کوردەکاندا روو لە باشی بووبێت ، بەڵکو بەپێی ئەو هەماهەنگیەی کە لەگەڵ حکومەتی تورکیادا هەیبوو، کە هاوکات کاریگەری خراپیشی هەبوو لەسەر کوردەکان ، وەك ئەوەی جار جار دەڵەتی تورکیا سنوری دەبەزاندو دەچووە ناو ناوچە کوردییەکان و هەر جارەی بە مەبەستێك و بیانوویەك،و ئەو کارەی دەیویست ئەنجامی دەدا ، نمونە بۆ ئەوە لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٩دا بە پاڵپشتی حکومەتی تورکیا، عەرەبە دەشتەکییەکان پەلاماری دوو هۆزی کوردی (شیشە ، ئالیان) یاندا ، بەلآم کاربەدەستانی فەرەنسی هیچ کاردانەوە یاخود هەڵوێستێکی ئەرێنیان نەنواند .[٣٣] کەواتە کوردانی سوریا جگە لە پەنابردن بۆ شۆرش بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، زۆرجار ویستویانە بە یاداشت و لە رێگەی گفتوگۆوە چارەسەری کێشەکانیان بکەن.

## بەشی دووەم

### باسی یەکەم : هەوڵ و تەقەلای رووناکبیران لە بزواندنی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد بە دامەزراندنی چەند کۆمەڵەیەکی سیاسی و رۆشنبیری ١٩٣٠-١٩٣٨:

لە دوای دارشتنی دەستوور لە ساڵی ١٩٢٨ لە سوریا لە لایەن ئەنجومەنی دامەزراندن، کە لە ساڵی ١٩٣٠ دا لە لایەن کۆمیساری سامی فەرەنسییەوە بلآوکرایەوە ، کە لە پێنج بەش پێکهاتبوو، هیچ ئاماژەیەك بە نەتەوەی کورد وەك نەتەوەی دووەم لەو وڵاتەدا نەکرابوو . لە مادەی (١)ی ئەو دەستورەدا ئەوە هاتبوو کە سوریا وڵاتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییەو رێگە نادرێت هیچ بەشێك لە خاکەکەی دابرِدرێت .[٣٤] ئەم هەڵوێستەی کاربەدەستانی فەرەنسا وای لە کوردە روناکبیرەکانی سوریا کرد ، کە دەست بدەنە دامەزراندنی کۆمەڵەی سیاسی و رۆشنبیری تاکو لێوەی بتوانن نەوەکانی کورد هۆشیار بکەنەوە لە رووی نەتەوەییەوە و هاوکات فێری خوێندن و نووسینیان بکەن بە زمانی کوردی ، ئەو روناکبیرانە هەندێکیان لە تاو ستەمی دەسەڵاتدارانی حکومەتی تورکیا ، هەڵهاتبوون و پەنایان بردبووە بەر کوردانی سوریا .ئەو کۆمەڵە سیاسی و رۆشنبیرییانە بریتی بوون لە :

---

[٣١] - سعد ناجی جواد : الأقلية الكردية في سوريا (تداول محدود)، بغداد ، ١٩٨٨، ص٦ . هەروەها چەند داواکارییەکی تریشیان داوا کردبوو لەوانە : بەکارهێنانی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی تردا لە ناوچە کوردییەکاندا ، گۆرینی فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکان بە فەرمانبەری کورد . بۆ زانیاری زیاتر برِوانە م.ن ، ص٦ .

[٣٢] - لوسيان رامبو : الكرد و الحق ، ترجمة : عزيز عبدالأحد نباتي ، أربيل ، ١٩٩٨ ، ص ١٤٣ .

[٣٣] - دائرة السجلات العامة ، أكس – أم ٤٥٨٢ ، القسم ٤ جو ٢٣/ ٢٤٣/ في ١٤ كانون الأول ١٩٢٩ .

[٣٤] - على صالح ميران: الحياة الحزبية في كوردستان – سوريا ١٨٩٨- ٢٠٠٨ ، تقديم و مراجعة : عبدالفتاح على يحيى البوتاني ، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق ، جامعة دهوك ، ٢٠٠٩، ص ٢٢ .

١-  **تجمع مثقفي مجلتى هاوار و روناهى ، سالا ١٩٣٠ .**

کۆمەڵێك لە روناکبیرە کوردە نەتەوە خوازەکان ، لەوانە میر جەلادەت و حاجی ئاغای هەڤێرکی و عوسمان صەبری و کوڕانی جەمیل پاشای دیار بەکری و چەند روناکبیرێکی دیکەی کورد لەگەڵ (عەلی ئاغا زلفو)، لە ٢٥ی ئابی ١٩٣٠ لە دیمشق کۆبوونەوە، لەوێدا گفتوگۆیان لەسەر ئەوە کرد ، بایەخێکی زۆر بە کەلتوری کورد بدرێت ، هەرچەندە کوردەکان ناتوانن خواستە نەتەوەییەکانیان بە تەنها لە ڕێی هێزی چەکدارییەوە دەستەبەر بکەن ، بەلاَم دەتوانن لە ڕێی ئامادەکردنی کەشێکی رۆشنبیری گونجاوەوە کار لەسەر رابوونی هەستی نەتەوەیی کوردی و رابەرایەتیکردنی بکەن ، کە دەبێتە ڕێگاخۆشکەرێك بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.[٣٥] لەو کۆبونەوەیاندا ئەوە دەردەکەوێت ، ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە ویستوویانە لە ڕێی چالاکی رۆشنبیرییەوە ، هەست و هۆشیاری نەتەوەیی لە نێو کوردەکاندا بخولقێنن تاکو بتوانن کەسانی روناکبیر و سیاسەتمەداری وەها پێبگەیەنن کە لە دواتردا بەرگری لە خواستە نەتەوەییەکان بکەن و بە هۆیەوە نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا لە دەست جەورو ستەم رزگار بکرێت . لە ماوەی چالاکی ئەم کۆمەڵەیەدا ، میر جەلادەت بەدرخان لە ٥ ی ئایاری ١٩٣٢دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری  (هاوار ) ی بلاَوکردەوە ،کە خودی خۆی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری بوو.[٣٦] پاشان و لە ١٩٤٢دا ناوبراو گۆڤاری   ( روناهی ) دەرکرد. کە دەیان نووسەری بە توانا لەو دوو گۆڤارەدا بابەتیان دەنووسی .[٣٧] لەو سەروبەندانەدا ئەو دوو گۆڤارە کە دەردەچوون ، کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی روناکبیری کورد ، کە لە لایەن دەسەلاَتدارانی فەرەنسیەوە بۆ دیمشق گوێزرابوونەوە، هەردوو گۆڤارەکەو ئەو تێکۆشەرانە رۆڵی راستەوخۆیان گێڕا لە بزواندنی هەستی نەتەوەیی لە لای لاوە کوردەکانی ئەو شارە بە تایبەتی و لاوانی کورد بە گشتی ، کە بووە هۆی ئەوەی یانەیەکی رۆشنبیری بە ناوی (هنانو) ، کە سکرتێرەکەی (بەهادین وانلی) بوو لەو شارە دابمەزرێت .[٣٨] چالاکی کۆمەڵەی ناوبراو ، بەستراببوو بە ژیانی میر جەلادەت بەدرخان ، بە کۆچی دوایکردنی ئەم لە ساڵی ١٩٥١دا، ئەم کۆمەڵەیە لە چالاکیەکانی وەستا .[٣٩]

٢-  **جڤاتا ئاریکاریێ ژ بو نا کوردیێ بلنگاز ، سالا ١٩٣٢ :**

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٣٢ دا، لە لایەن ژمارەیەك روناکبیری کوردەوە دامەزرا، لەوانە ( میر جەلادەت بەدرخان ، حەمزە موسکی ، کوڕانی جەمیل پاشای دیار بەکری ، حاجی ئاغای هەڤێرکی و چەند کەسێکی تر ) .[٤٠] ئەم کۆمەڵەیە بە هەوڵ و تەقەلای چەند روناکبیرێکی کورد کە ئەندامی دامەزرێنەر بوون ، توانیان مۆڵەتی رێ پێدانی لە لایەن دەسەلاَتدارانی فەرەنسیەوە وەربگرن .[٤١] هەرچەندە لە سەرەتادا مەبەست لە دامەزراندنی ئەم

[٣٥]– سلمان عثمان :(کونی رەش) ، م.س، ص ٥٣-٦٣ .

[٣٦]– گۆڤارا هاوار ، هژمارا (١) سالا ١ ، شام، ١٥ گولاَن ١٩٣٢، ل ١ .

[٣٧]- گۆڤارا روناهی ، هژمارا (١) سالا ١ ، شام ، نیسان ١٩٤٢ ، ل١ .

[٣٨]– دلاوەر الزنگی: بدایات نشوء الجمعیات و الحرکات الثقافیة الکردیة في سوریا (صفحات مجهولة)، گۆڤاری (بیری نوێ)، ژمارە (١٩) ، ساڵی ١٩٩٩ ، هەولێر ، ل ١٨٣ .

[٣٩]– علي صالح میران : م . س ، ص٢٨ .

[٤٠]-سلمان عثمان (کونی رەش) ، م . س ، ص ٥٨ .

[٤١]- محمد ملا أحمد ، جمعیة خویبون ..... ، م . س ، ص٩٠ .

کۆمەڵەیه بۆ یارمەتیدانی ئەو کەس و خێزانه دوورخراوو کۆچکردووانەی دوای هەرەسی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانی ساڵی ١٩٢٥ بوو له باکووری کوردستان که پەنایان هێنابوو بۆ ڕۆژئاوای کوردستان .[٤٢]

له دوای ماوەیەکی کەم، ئەم کۆمەڵەیه لقی خۆی له زۆربەی ناوچه کوردییەکاندا کردەوه ، لەوانه ( عامودا ، قامیشلۆ ، تل شعیر )، هاوکات نوێنەری کۆمەڵەکه له شاری دیمشق (ئەحمەد نافیزبەگ) و له حەسەکەش (حەسەن ئاغای حاجۆ ئاغا) بوو .[٤٣] پاش ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆیان نووسییەوە، له ژمارە (٢) ی گۆڤاری (هاوار)دا بلاْوکرایەوه ، که وتارێکه و ئاراستەی نەوەکانی نەتەوەی کوردییان کردووه ، لێرەدا تەنها کورتەیەك دەخەینه ڕوو :

١- کوردەکان پێویسترین کەسانێکن دەبێت یارمەتی یەکتری بدەن ، هەروەها پێویستیان به زانیاری و هونەر و ئەدەب و زانستەکانی دیکه هەیه بۆ رزگار بوونیان له ژیانی هەژاری و نەزانین .
٢- دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیه ، خوازیارن هاوکاری دەست خستنه ناو دەستی هەموو لایەك بکەن تاکو پرۆژەکەیان له ئایندەدا ڕووناکی و پێشکەوتن به خۆیەوه ببینێت ، چونکه ئەمکاره ، گەلی کورد لەو بارودۆخەی که تیایەتی رزگاری دەبێت و هەنگاو بەرەو پێشەوه دەنێت .[٤٤]

سەبارەت به دیارنەمانی ئەم کۆمەڵەیه له گۆڕەپانی ڕێکخراوەییدا ، له هیچ سەرچاوەیەکدا باسی لێوه نەکراوه .

### ٣- کۆمەلا هێڤی ، سالا ١٩٣٧ :

تاکه سەرچاوەیەك ئاماژەی بەم کۆمەڵه سیاسیه دابێت ، یەکێك له دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیەیه وەك خۆی دەڵێت : " له ئەنجامی ئەوەی کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا ، دەستیانکرد به سوتاندنی سەدان گوندی کورد و کوشتنی هەزاران سڤیل له ناوچەی (دێرسیم) ، که ماوەی چەند مانگێکی خایاند ، بێدەنگیەکی نێودەوڵەتی دەربارەی ئەو ڕووداوانه دەرحەق به کوردستان ئەنجامدرا ، ئەمکاره وای له کۆمەڵێك قوتابی کورد کرد، که له دوا ناوەندی فەرەنسی له دیمشق دەیانخوێند لەگەڵ ژمارەیەك قوتابی دیکه که له گەڕەکێکی کورد نشینی ئەو شاره دەژیان ، یاداشتێکی ناڕەزایی به زمانی فەرەنسی بنووسن و بیگەیەننه باڵوێزی هەندێ له ولاْتانی ئەوروپی له دیمشق ".[٤٥]

ئەو کارەی ئەو قوتابیانه، پاڵینا به (نورەدین زازا)وه بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی قوتابیدا (کۆمەڵەی هێڤی) دابمەزرێنن ، که پێکهاتبوو له ١٥ ئەندام ، ئەم کۆمەڵەیه بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك له ناو لاوه کوردەکانی شاری دیمشق کاری دەکرد له چالاکی ئەدەبی و وەرزشی و دامەزراندنی یانه و حزبی نهێنی که دواتر و له ساڵی ١٩٥٧دا ئەو لاوانه بەشدارییان له دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی له سوریا کرد.[٤٦] به پێی یاداشتەکانی نورەدین زازا ، ئەم کۆمەڵەیه له ساڵی ١٩٣٧ دامەزراوەو ئامانجەکانی بریتین له :

١- وریاکردنەوەی لاوانی کورد له سوریا .

---

[٤٢]- سلمان عثمان (کونی رەش) ، م . س ، ص٥٨ .

[٤٣]– م.ن ، ص٥٨ .

[٤٤]- گۆڤارا هاوار ، هژمارا (٢)، ای حوزەیران ١٩٣٢ ، ل ٢ .

[٤٥]- نورالدین زازا ، حیاتی ککوردی ، ترجمه : خسرو بوتانی ، أربیل، ٢٠٠٨ ، ص ١١٠ .

[٤٦]- المناضل القومي الکبیر نورالدین زازا : ترجمة : نوزت دهوکی ، مجلة (متین) ، العدد (٣٧-٣٨)، تشرین الأول و الثاني، ١٩٩٤، دهوك ، ص ١٣٩-١٣٠ .

٢- ئاگادارکردنەوەیان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی سیاسی دروست کە هەموویان لە دەوری کۆبکاتەوە [٤٧].

## ٤ — نادیا جوانێن کورد ل عامودا ، سالا ١٩٣٨ :

ئەم یانەیە (محەمەد عەلی شوەیش) سەرپەرشتی دەکردو بەڕێوەبردنەکەشی (جگەر خوێن) ی شاعیر بوو ، ئەندامانی ئەم یانەیە ، شیعری کوردییان فێری قوتابیان دەکرد و کۆمەڵە مامۆستایەکیش وانەی کوردییان بە پیتی لاتینی لە قوتابخانەکاندا دەوتەوە ، سەرەڕای وتنەوەی وانەکانی مێژوو و جوگرافیاش .[٤٨] لە لایەکی دیکەوە و لە کاتی ریزبوونی قوتابیەکان ، سروودی کوردییان دەچڕی و ئالأی کوردستانیان لە ئاسمانی قوتابخانەکاندا بەرز دەکردەوە ، هەروەها قوتابیەکان کە جل و بەرگی (دیدەوانی- کەشافە ) یان دەپۆشی، بە شەقامەکاندا دەڕۆیشتن ، هۆنراوە بزواندنەکانی (جگەر خوێن)یان دەوتەوە .[٤٩] پاشان و بۆ کۆبوونەوەی ئەندامەکانیان، دەچوونە خانووی تێکۆشەران لە شارەکە ، کە شوێنی بە یەکگەیشتنیان بوو ، لەوێدا باسی ئەدەبی کوردی و فێرکردنی زمانی کوردی و پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی و ژیاندنەوەی بۆنە نەتەوەییەکانی وەك جەژنی نەورۆز و ڕێکخستنی کۆڕی سیاسی و ڕێنمایی ڕووناکبیری دەکرا .[٥٠] ئەندامانی ئەو یانەیە کە زۆربەیان قوتابی بوون، لە دوای ماوەیەك تێکەڵأوی چەند روناکبیرێکی دیکە بوون لەوانە (حسن هشیار)ی مێژوو نووس و (رەشید کورد)ی زمانەوان ، کە بە دواییدا جوڵأنەوەیەکی نەتەوەیی چالاکیان لە شاری عامودا پێکهێنا، بە تایبەتی لە ناو نەوەی نوێدا ، کە ئەم نەوە نوێیە بە هۆنراوە جۆش بەخشەکانی جگەر خوێن و ئەحمەد ناصر و کەسانی دیکە گۆش دەکران .[٥١]

لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژە بە پەیرەو و پرۆگرامی ئەم یانەیە نەکراوە ، هەروەها ئاماژەش بەوە نەدراوە لە کەیدا لە چالاکی وەستاوە ، بەڵأم پێدەچێت لە دوای سەربەخۆبوونی سوریا لە چنگی فەرەنسا، ئەم یانەیە ڕووبەڕووی فشار بووبێتەوە و چالاکییەکانی ڕاگرتبێت .

## ٥ — نادیا کوردستان ، سالا ١٩٣٨ :

ئەم یانەیەش وەك چەند کۆمەڵ و یانەی تر ، لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکانی سوریا دامەزراوە ، کە بۆ ساڵی ١٩٣٨ دەگەڕێتەوە و لە لایەن میر جەلادەت بەدرخان و عوسمان صەبری لە دیمشق دامەزراوە .[٥٢] ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەندامانی ئەم یانەیە زۆرتر دەبوو ، لە سەرەتادا و بە ئاشکرا پرۆگرامێکی رۆشنبیرکردن و فێرکردنیان بە زمانی کوردی و بە پیتی لاتینی دانا ، دواتر بنکەیەکی هەمیشەییان بۆ یانەکە لە کۆڵأنی (بشار الالوسیە) لەو ساڵەدا دامەزراند .[٥٣] یانەکە لایەنێکی دیکەشی لەخۆ گرت ئەویش وەرزش بوو، کە لە رۆژنامە

[٤٧]- نورالدین زازا ، م. س ، ص ١١١ .

[٤٨]- سلمان عثمان (کونی رەش)، م. س ، ص ١٣٥-١٣٦ .

[٤٩]- دلاوەر الزنگی، بدیات نشوء الجمعیات ، م . س ، ص ١٨٥ .

[٥٠]- م . ن ، ص ١٨٥ .

[٥١]- م . ن ، ص ١٨٥ — ١٨٦ .

[٥٢]- محمد رشید شیَخ الشباب : سیرة المناضل الکردی عثمان صبري (ئاپۆ)، بیروت، دون سنة الطبع، ص ٣٥ .

[٥٣]- م . ن ، ص ٤٨ .

وەرزشیەکاندا باسی جموجۆڵی وەرزشی ئەم یانەیە بلاّو دەکرایەوە ، ئەوەش کاربەدەستانی حکومەتی تورکیای بێزار کرد بەوەی لە کاتی یاریکردندا ، هاندەرانی ئەم یانەیە لە دژی تورکیا هوتافیان دەکێشا، لەبەر ئەوە دەسەلاّتدارانی ئەو دەوڵەتە هەموو تواناى خۆیان خستەگەڕ بۆ فشارخستنەسەر دەسەلاّتدارانی فەرەنسی و سوری بۆ دانانی سنورێك بۆ ئەو لاوە کوردە هاندەرانەی یانەکە، بۆ ئەو مەبەستەو بە پەلە بۆ ڕازیکردنی کاربەدەستانی ئەنقەرە ، هەموو چالاکیەکانی یانەکەیان ڕاگرت .[٥٤]

ئامانجی سەرەکی ئەم کۆمەڵەو یانانەی ئاماژەیان پێدرا، کارکردن بووە لە پێناو ڕۆشنبیرکردنی تاکی کورد و چەسپاندنی هەستی نەتەوەیی لە ناویانداو پاشان هۆشیارکردنەوەیان بە دۆزی نەتەوەکەیان ، بە دوای ئەوەدا ، ئامادەکردنیان بۆ بەرزکردنەوەی خواستەکانی نەتەوەی کورد، سەرەڕای ئەوانە، ڕەخساندنی زەمینەسازییەکی گونجاو، تاکو چینەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئامادەبن بۆ مامەڵەکردنی هەر گۆڕانکارییەك، یاخود دۆخێکی نوێ کە دێتە ئاراوە .

**باسی دووەم :**

**ڕۆڵ و کاریگەری ڕوناکبیران لە بەرپاکردنی ڕاپەڕینی چەکداری لە ڕۆژئاوای کوردستان :**

**١- ڕاپەڕینی جەزیرە ، ساڵی ١٩٣٧ :**

ئەو کۆمەڵەو یانانەی لە باسەکانی پێشوودا ئاماژەیان پێدرا، کاریگەرییەکی بەرچاویان گێڕا لە چاندنی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی لە ناو لاوانی کورددا و بە ئاگاهێنانەوەشییان لە بارودۆخی ئەو کاتەی سوریاو تەنانەت ولاّتانی دەوروبەریشی . لە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنامەی سوری – فەرەنسی لە ساڵی ١٩٣٦دا ، زۆر لە کوردانی جەزیرە ، داوایان لە حکومەت کرد کە پۆستی حکومی زیاتریان پێبدرێت ، هاوکات داوای ئەوەشیان کرد سەربەخۆیی بە هەرێمەکەیان بدرێت ، ئەم داواکارییانە لە قاڵبێکی توندوتیژیا بوو، ئەوەش بە هۆی دانانی هەندێك عەرەب نەژاد لە کاروباری گرنگی جەزیرەدا ، دوای وەلاّم نەدانەوەی ئەو داوایانەی خەڵکی هەرێمی ناوبراو، لە ساڵی ١٩٣٧ لە دژی حکومەت ڕاپەڕین.[٥٥] جگە لەو داوایانە ، ئەوەشی هاتە پاڵ کە بە فەرمی دانبنرێت بە قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ ناوچەکەیان لە لایەن حکومەتی ناوەندی سوری، بە هەمان شێوەی (ئەسکەندەرونە)ش بێتە ناسین و مافی کەمایەتیشیان بۆ دەستەبەر بکرێت .[٥٦] هەرچەندە حکومەت گوێی بەو داواکاریانە نەدا ، بەلاّم لەو ساڵەدا و بە پێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی ، چوار پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی سوریادا بەشدار بوون ، هەروەها لە ساڵی ١٩٣٨ دا ، (کۆمەڵەی کوردەکانی جەزیرە) پێکهات ، تایبەت بوو بەو کوردانەی کە نیشتەجێی ئەو ناوچەیەن .[٥٧] بەلاّم کێشە نەتەوەییەکان بە تەواوی لە لایەن دەسەلاّتداری فەرەنسی و حکومەتی ناوەندییەوە چارەسەر نەدەکران، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٣٧دا ،جولاّنەوەیەکی مەسیحی – کوردی بۆ خۆبەڕێوەبردن لە ناوچەی جەزیرە هاتە ئاراوەو داوای سیستمی لامەرکەزیان دەکرد کە لە ژێر

---

[٥٤]- علی صالح حمدان : الحركة القومية الكوردية في كوردستان – سوريا ١٩٤٦ – ١٩٧٠، رسالة الماجستير غير منشورة مقدمة إلى جامعة دهوك كلية الآداب، ٢٠٠٣، ص ٤٩ .

[٥٥]– حامد محمود عيسى : المشكلة الكردية في الشرق الأوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١ ، القاهرة ، ١٩٩٣ ، ص ٣٥٤ .

[٥٦]- عوسمان عەبدولرەحمان سمایل : س . پ ، ل ١١٨ .

[٥٧]- ولیدی حمدی : س . پ ، ل ٣٤٠-٣٤١ .

سەرپەرشتیاری فەرەنسادا بێت ، بەلاَم ئەو جولاَنەوەیە لە لایەن عەرەبە دەمارگیرەکانەوە کە حکومەتی ناوەندی پشتیوانی لێدەکردن دژایەتی کرا ، دواجار دەسەلاَتدارانی فەرەنسی ، رێگەیاندا بە دامەزراندنی چەند یانەو رێکخراوێکی کەلتوری و کۆمەلاَیەتی کوردی .[٥٨] شایانی باسە ئەو سەرچاوانەی لەم راپەرینە دواون ، دەرئەنجامەکانیان نەخستۆتە ڕوو . بەلاَم بە پێی ئەو بەلگەنامە بەریتانیە بێت ، داواکارییەکان بە تەواوی جێبەجێ نەکراون.

**٢- راپەڕینی عامودا ، ساڵی ١٩٣٧ :**

لە سەروبەندی سالاَنی سیەکانی سەدەی بیستەمدا، کوردەکانی ئەم شارە کوردییە، داوای هەندێك مافی نەتەوەییان دەکرد، بەلاَم عەرەبە دەمارگیرەکان بەو داوایانە نیگەران بوون و لە دژی وەستانەوە.[٥٩] دواتر کوردەکان و ئەرمەنەکان یەکیانگرت و شەڕو پێکدادان لە نێوان ئەمان و عەرەبە دەمارگیرەکاندا روویدا و هێزی کوردەکان بەسەرکردایەتی حاجۆ ئاغای هەڤێرکی بوو . پاش ئەوەی چەند کەسێك لە کوردە لایەنگرەکانی دەسەلاَتدارانی فەرەنسی و خودی ئەو دەسەلاَتدارەش ، ئەو راپەرینەیان سەرکوتکرد. کە ناسراوە بە راپەڕینی (توشی عامودێ) ، کە بەهۆیەوە ژمارەیەك لە کوردەکان کوژران و هاوکات مالوێرانییەکی زۆریشی بەدوادا هات .[٦٠] هەر لەو سالەدا ، لە چەند ناوچەیەکی تری کوردەکان بە هەمان شێوەی عامودا ، راپەڕین روویدا، وەك لە شاری (دێریك) کە دوای بەعەرەب کردنی کرا بە (المالکیة)، ئەمیش بە هەمان جۆر سەرکوتکرا .[٦١] بەو جۆرە و بە هەماهەنگی عەرەبە دەمارگیرەکان و لایەنگرانی دەسەلاَتداری فەرەنسی و خودی فەرەنسیەکانی ناو سوریا ، راپەرینە نەتەوەییەکانی کوردەکان بەوپەڕی توندییەوە دامرکێنرانەوە ، بەلاَم ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی کە چیتر روناکبیران و لاوە نەتەوەخوازەکانی کورد لە هەولَ و بەردەوام بوونی بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەیان پاشگەز ببنەوە ، بەلکو بەردەوام بوون لە چالاکیە نهێنیە سیاسیەکانیان و برەودان بە هەست و هۆشیاری نەتەوەیی .

[٥٨]- هێریەت مۆنتگۆمری : کوردی سوریا بوونێکی نکولَی لێکراو ، وەرگێرانی : مینە و پێشەوا ، مەلبەندی کوردۆلۆجی ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، ل ٤٢-٤٣

[٥٩]- ئەو دژایەتیکردنەی عەرەبە دەمارگیرەکان لە هەمان کاتدا لە دژی نەتەوەی ئەرمەنیش لە شاری عامودا ئەنجام دەدرا ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : رۆهات ئالاکۆم : خۆیبوون و شۆرشی ئاگری داخ، وەرگێرانی: شوکور مستەفا، دەزگای چاپ و بلاَوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٣٣-٣٤.

[٦٠]– جان برتولینو : الکورد ، موطنهم ، تأریخهم و قائدهم الموعود الذي تمناه الشاعر (أحمدی خانی)، إعداد و تقدیم : جمیل محمد مصطفی، مرکز الدراسات الکوردیة و حفظ الوثائق- جامعة دهوك، الطبعة الثانیة، دهوك ، ٢٠٠٧، ص ٢٣ .

[٦١]-م . ن ، ص ٢٣ .

## ئەنجام

لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەگەینە ئەوە، لە دوای ئەوەی مانداتی فەرەنسی بە سەر سوریادا سەپێنراو، رۆژئاوای کوردستانیشی گرتەوە، زۆرینەی کوردەکانی ئەویّ بە گشتی و روناکبیران بە تایبەتی بەگژ ستەمی دەسەلاّتدارانی خۆسەپێندا چوونەوە، کە لە سەرەتادا بە رێگەی چەکداری بوو ، بەلاّم لە ساڵی ١٩٢٥ بەرەو ژوور ، روناکبیرانی کورد بۆ بزواندنی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی کوردی لە لای تاکی کورد، دەستیاندایە دامەزراندنی کۆمەڵەی سیاسی و رۆشنبیری، هەندێك لەو کۆمەلاّنە بلاّوکراوەیان هەبوو، کە کاریگەریەکی زۆریان لەسەر لاوانی کورد هەبوو لە رووی هەست و هوشیاری نەتەوەیی و لە هەمان کاتیشدا ئاشناکردنی نەتەوەکانی کورد بە مێژوو جوگرافیاو کەلتوورو ئەدەبی نەتەوەکەیان . دوای ئەوەی ئەو روناکبیرانە رێگەی دیبلۆماسیان دەگرتەبەر بۆ بەدیهێنانی داوا نەتەوەییەکانی کورد ، کە بۆ چەند جارێك پەیوەندیان بە دەسەلاّتدارانی فەرەنسیەوە کرد لە سوریا، بەلاّم لە هیچ جارێکیاندا وەلاّمی ئەرێنییان بە کوردەکان نەدایەوە ، هەر بۆیە روناکبیران و لاوانی نەتەوەخوازی کورد لەو بەشەی کوردستانداو بە هەماهەنگی چەند سەرۆك هۆزێکی کوردی نەتەوەخواز ، راپەڕینی چەکدارییان ئەنجامدا، هەرچەندە ئەو راپەڕینانە لە لایەن سوپای ئەو دەسەلاّتدارانەوە بە توندی سەرکوتکران ، بەلاّم بوونە زەنگێك بە گوێی داگیرکەراندا ، کە نەتەوەی کورد دەست لە مافە نەتەوەییەکانی هەڵناگرێت و نەوە دوای نەوە بەردەوام دەبن بۆ بەدیهێنانی مافەکانی نەتەوەکەیان .

## سەرچاوەکان


**یەکەم: بەڵگەنامەکان :**

**١/ بە زمانی عەرەبی :**

١- دائرة السجلات العامة ، اكس ، أم ٤٥٨٢، القسم ٤ جو ٢٣ / ١٤٣، المرفق ٢٨- أ ، ضابط الخدمة الخاصة في الموصل ، ٩ أيلول ، ١٩٣٠ .

٢- دائرة السجلات العامة ، أكس — أم ٤٥٨٢ ، القسم ٤ جو ٢٣/ ٢٤٣/ في ١٤ كانون الأول ١٩٢٩ .

٣- (د.ك.و) ، مقتبس من تقرير الأسبوعي الوارد عن ضابط الخدمات الخاصة في الرمادي، الرقم آية الـ ١٠/ ٣١ في ٢٦-٣-١٩٢٥ .

٤- د.ك.و ، تقرير ضابط البريطاني لمقر الجيش الفرنسي في الشرق ببيروت في ١٦ مايس ١٩٢٧ .

**دووەم: کتێب :**

**١/ بە زمانی کوردی :**

١- بلە چ شێرکو : کێشەی کورد مێژینەو ئێستا، وەرگێر لە عەرەبیەوە، محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، هەولێر ، ١٩٩١.

٢- رۆهات ئالاکۆم : خۆیبوون و شۆرشی ئاگری داخ، وەرگێرانی: شوکور مستەفا، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.

٣- عوسمان عەبدولرەحمان سمایل: کورد لە سوریا١٩٢٠-١٩٤٦، دەزگای توێژینەوەو بلاّوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ، ٢٠٠٩.

٤- م. شترۆ همایەر ول ، یاڵچین هێکمان : کورد لە سوریاو ئازەربایجان و ئەرمەنستان، وەرگێرانی لە ئەڵمانیەوە : رێبوار تۆفیق بەنگینە، ئەکادیمیای هۆشیاری پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ، ٢٠١١.
٥- - هێریەت مۆنتگۆمری : کوردی سوریا بوونێکی نکوڵی لێکراو ، وەرگێرانی : مینە و پێشەوا ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ .
٦- ولید حمدی : کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا ، وەرگێڕانی: موحەمەد نوری توفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

**٢/ بە زمانی عەرەبی:**

١- أبو شوقي : لمحات من تأريخ الانتفاضات و الثورات الكردية ، رابطة كاوا ، بيروت، ١٩٧٨.
٢- ذوقان قرقوط ، تطور الحركة الوطنية في سوريا ١٩٢٠-١٩٣٩، بيروت ، ١٩٧٥.
٣- جان برتولينو : الكورد ، موطنهم ، تأريخهم و قائدهم الموعود الذي تمناه الشاعر (أحمدی خانی)، إعداد و تقديم : جميل محمد مصطفى، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق- جامعة دهوك، الطبعة الثانية، دهوك ، ٢٠٠٧.
٤- جواد ملا: كردستان و الكرد وطن مقسم و أمة بلا دولة ، من منشورات المؤتمر الوطني الكردستاني ،الطبعة الثانية ، لندن ، ٢٠٠٠.
٥- حامد محمود عيسى : المشكلة الكردية في الشرق الأوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١ ، القاهرة ، ١٩٩٣.
٦- حنا توفيق بشور : من ذاكرة العقيد توفيق بشور ، دمشق ، ١٩٩٨.
٧- سعد ناجی جواد : الأقلية الكردية في سوريا (تداول محدود)، بغداد ، ١٩٨٨.
٨- سلمان عثمان (كونی رەش) : الأمير جلادت بدرخان حياته و فكره ، تقديم الأميرة روشن بدرخان، دمشق، ١٩٩٢.
٩- صلاح بدرالدين : غرب كردستان ، دراسة تأريخية – سياسية – و ثائقية – موجزة ، رابطة كاوا للثقافة الكردية ، الطبعة الأولى، برلين- ألمانيا، ١٩٩٨.
١٠- عبدالرحمن ادريس صالح البياتي : سياسة بريطانيا تجاه كرد العراق ١٩١٤ – ١٩٣٢، بنكەی ژین، السليمانية ، ٢٠٠٩.
١١- عبدالفتاح علي يحيى البوتانی : وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية ، مؤسسة موكريانی للطباعة و النشر، أربيل ، ٢٠٠١.
١٢- على صالح حمدان : الحركة القومية الكوردية في كوردستان – سوريا ١٩٤٦ – ١٩٧٠، رسالة الماجستير غير منشورة مقدمة إلى جامعة دهوك كلية الآداب، ٢٠٠٣.
١٣- على صالح ميران: الحياة الحزبية في كوردستان – سوريا ١٨٩٨- ٢٠٠٨ ، تقديم و مراجعة : عبدالفتاح على يحيى البوتانی ، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق ، جامعة دهوك ، ٢٠٠٩.
١٤- فاضل رسول: كردستان و السياسة السوفيتية في الشرق الأوسط ، ترجمة عن الالمانية : غسان نعسان، مراجعة: مامۆستا جعفر ، مكتب الفكر و الوعي في الاتحاد الوطني الكردستاني، السليمانية ، ٢٠٠٨.
١٥- فلاديمير لوتسكی : الحرب الوطنية التحررية السورية ١٩٢٥-١٩٢٧، ترجمة: محمد دياب، راجعه و قدم له : مسعود ظاهر ، بيروت ، ١٩٨٧.

١٦- كونى رەش : جمعية خويبون ١٩٢٧ و وقائع ثورة آرارات ١٩٣٠ ، تقديم و مراجعة : عبدالفتاح البوتاني ، مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر، أربيل، ٢٠٠٠.

١٧- لوسيان رامبو : الكرد و الحق ، ترجمة : عزيز عبدالأحد نباتى ، أربيل ، ١٩٩٨.

١٨- محمد رشيد شيَخ الشباب : سيرة المناضل الكردى عثمان صبري (ئاپۆ)، بيروت، دون سنة طبع.

١٩- محمد ملا أحمد: جمعية خويبون و العلاقات الكردية – الأرمنية ، رابطة كاوا للثقافة الكردية ، الطبعة الثانية ، أربيل، ٢٠٠٠.

٢٠- محى الدين السفرجلانى : تأريخ الثورة السورية ، دمشق ١٩٦١.

٢١- نورالدين زازا ، حياتى ككوردى ، ترجمة : خسرو بوتانى ، أربيل، ٢٠٠٨.

**سێ یەم: گۆڤار**

**١/ به زمانی کوردی :**

١- ئازاد نەقشبەندی : رێککەوتنامەی سایکس – پیکۆ و کوردستان ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە (٧) ، ساڵ ٢ ، هەولێر ، ئاب ١٩٩٨.

٢- گۆڤارا هاوار ، هژمارا (١) سالا ١ ، شام، ١٥ گولأن ١٩٣٢.

٣- گۆڤارا هاوار ، هژمارا (٢)، ١ی حوزەیران ١٩٣٢.

٤- گۆڤارا روناهی ، هژمارا (١) سالا ١ ، شام ، نیسان ١٩٤٢.

**٢/ به زمانی عەرەبی:**

١- المناضل القومي الكبير نورالدين زازا : ترجمة : نوزت دهوكى ، مجلة (متين) ، العدد (٣٧-٣٨)، تشرين الأول و الثاني، ١٩٩٤، دهوك.

٢- دلاوەر الزنگى: بدايات نشوء الجمعيات و الحركات الثقافية الكردية في سوريا (صفحات مجهولة)، گۆڤارى (بیری نوێ)، ژمارە (١٩) ، ساڵی ١٩٩٩ ، هەولێر.

**چوارەم: رۆژنامه به زمانی عەرەبی :**

١- ع، الملا : غرب كردستان، جريدة (ميديا) السنة الرابعة ، العدد (٧٧) ، أربيل، الأثنين ٢٣-١٠-٢٠٠٠.

٢- معركة بياندور، صفحة مشرقة لشعبنا ،(دون اسم المؤلف)، جريدة (طريق الشعب)، الجريدة المركزية للحزب اليساري الكردي في سوريا، العدد (٢٧٨)، حزيران ١٩٩٨.

**الملخص**

منذ بداية منتصف القرن التاسع عشر ، تبدأ المسألة الكوردية بالبروز وقد تزامن ذلك مع ضعف الدولة العثمانية و الصراع الغربي حول تقسيم مناطق النفوذ في تركة الدولة العثمانية . و بعد مؤتمر سان – ريمو في ١٩٢٠ ، و حسب معاهدة سايكس – بيكو عام ١٩١٦ ، ضم جنوب و جنوب غرب كوردستان إلى ميزوبوتاميا و سوريا . منذ العام ١٩٢٠ و خلال التوقيع على المعاهدة الأنكلو – الفرنسية التي حددت الأراضي الواقعة تحت انتداب الدولتين في سوريا و العراق ، يبدأ إسم كوردستان الغربية بـ( غرب كوردستان ) أي الجزؤ الملحق بسوريا بالظهور، حيث ضم نهائياً جزء من شمال كوردستان إلى سوريا المنتدبة من قبل فرنسا. و قد كان التوقيع من جانب فرنسا و الدولة العثمانية على تخطيط الحدود عام ١٩٢١. و بعد ذلك تشمل المناطق الكوردية الـ(جزيرة ، كوبانى ، عفرين ) ، و كانت بدايات التعاطي الكوردي مع الجانب الرسمي السوري ، الذي أصبح فجأة وطنها الجديد و سلطته القوة التي تتحكم بمصيرهم في رحلة البحث عن الهوية المميزة، و في عام ١٩٢٠، أنتفض الكورد بقيادة (ابراهيم هنانو) ضد التصرفات العدوانية للقوات الفرنسية بحق الشعب الكوردي في سوريا . و لكن أخمدت تلك إنتفاضة ، و بعد ثلاث سنوات، قاوم بعض من العشائر الكوردية في قرية (بياندور) قرب مدينة القاميشلو القوات الفرنسية بسبب أعمالهم العدوانية على أبناء تلك القرية و محيطها . كانت السلطات الفرنسية تجاهل الحقوق القومية للشعب الكوردي و عدم إشارة إليهم في مواد الدستور السوري الذي وضعته الجمعية التأسيسية سنة ١٩٢٨، و في خضم ما كان يعانيه الشعور و الوعي القومي الكوردي من قمع السلطات الفرنسية ، شهدت نهاية عقد العشرينات و ثلاثينات من القرن العشرين ، تطور الحياة السياسية الكوردية في غرب كوردستان تطوراً مهماً ، حيث قامت مجموعة من المثقفين الكورد بتأسيس جمعية كوردستان في مدينة حلب في عام ١٩٢٥ . و قاموا أيضاً بتأسيس تنظيم ( خويبون) بين أبناء الكورد في سورية ، و شكلت بعض من المثقفين الكورد تنظيماً ثقافياً و سياسياً بإسم (تجمع مثقفي مجلتي هاوار و روناهي) في ١٩٣٠، و بعد سنتين ، أسست جمعية التعاون و مساعدة فقراء الكورد ، و في سنة ١٩٣٧ ، أسست جمعية (هيڤى) ، و بعد سنة ، استطاع بعض من المثقفين الكورد تأسيس (نادي الشباب الكوردي في عامودا) ، و في نفس السنة ، قامت مجموعة من المثقفين الكورد بتأسيس (نادي كوردستان). ان الجمعيات ما ذكرناه سابقاً ، تأسست من قبل المثقفين الكورد في سوريا ، نذكر بعض منهم ( جلادت بدر خان ، حاجو آغا هفيركى ، عثمان صبري ، نورالدين زازا ، جكرخوين ، احمد أمين بريخان ، على عبدى ، حسن آغا ، أحمد نافيز بك) كانت تلك الجمعيات لها تأثير واضح على الأنتفاضات الكوردية في المناطق الكوردية في سوريا،و هما (أنتفاضة الجزيرة عام ١٩٣٧ و إنتفاضة عامودا في نفس السنة).

## Summary

The Kurdish issue came into view from the middle of the nineteenth century. This was coincided with the weakness that befell the Ottoman Empire. Later this issue witnessed more development when the struggle of the superpowers of that time started for dividing the inheritance territories of that Empire. After San Remo Conference in (1920) and pursuant to Sykes –Picot Agreement in 1916, the western and southwestern Kurdistan was attached to Mesopotamia and Syria. In 1920 and during signing the Anglo- French treaty that determined the Iraqi and Syrian territories to be put under their mandate, the term of Western Kurdistan (West of Kurdistan) came into use, i.e. the part of Kurdistan that attached to Syria. This part of the northern Kurdistan was finally became a part of Syria which was mandated by France. The signatory of border demarcation agreement made by France and the Ottoman State took place in 1921 to include the Kurdish districts of Al-Jazira, Kobani and Afrin. This was the first dealing of the Kurds with a formal Syrian entity which suddenly became a new state that ruled the country and imposed its control on Kurds, while they were in search for their distinctive identity. In 1920, under the command of (Ibrahim Hanano), the Kurds revolted against the hostile treatment of the French military forces, but soon their uprising was suppressed. Three years later some Kurdish tribes that lived in Biandor village, near Qamishlo, rose against the assaults of the French forces on the citizens of that village and its surroundings. The French authorities did not respond to the Kurdish claims; on the contrary, they neglected all the national rights of Kurdish people. Even there was no mention of Kurds in any articles of the Syrian constitution that set by the constituent assembly in 1928 .

Despite the ethnic suppression of the Kurds by the French authorities, the Kurdish political circles in the Western Kurdistan witnessed a significant progress during the late twentieth and the thirtieth of the last century. As an instance, a number of intellectual Kurds in Aleppo established Kurdistan Assembly in 1925, and then the Syrian Kurds established a political party named Khoyibun" Independence". In 1930, another group of intellectual Kurds established a cultural and political organization named Hawar and Runahi Magazine Group. Two years later a Society for Cooperation and Assistance of Kurdish Needy People was established. In 1937, Hevi Society was established and a year later some other intellectual Kurds established Kurdish Youth Club in Amouda. In the same year Kurdistan Club was also established .

All the above mentioned cultural and political organizations were established by prominent Kurdish personalities in Syria such as: Jaladat Badr Khan, Hajo Agha Haverki, Othman Sabri, Nuraddin Zaza, Jgarkhwen, Ahmed Amin Parikhan, Ali Abdi, Hasan Agha, and Ahmed Nafith Beg.

Of course, those organizations had a great effect in promoting the national struggle of the Syrian Kurds and paved the way to the uprisings that took place in Jazira and Amouda in 1937 .